[ تَقَبَّلَ اللهُ مِنَّا وَمِنكُم ]

# جەژنی موسوڵمانان له قورئان و سوننەتدا

پوختەیەك لەكتابی

[أحكام العيدين في السنة المطهرة]علي الحلبي

ئومێد محمد حسين / رانيه.

**ئیسلام**

**بەرنامەیەكی هەمەلایەنەیە و هیچ بوارێكی فەرامۆش نەكردووە**

ئـــایینی ئیســـلام ئاینێكـــه خـــوای پـەروەردگار بـەدواترینی پێغەمبەرانیـدا كردویەتیـه دیـاری بۆ تـەواوی خـەڵكی، كێن یا لە هەركوێن، دیاریەكیش لەلایـەن خـــوای بەندەكانـــەوە بێـــت شـــتێكی بەڵگەنەویستـه بـێ زیـاد و كـەم و تێرو تـەواوە گونجـاوە بـۆ هـەموو كـات و ســـەردەمێك دانـــراوە بـــۆ ســـەرجەم بوارەكانی ژیان بـۆ بـەڕێوە چـوونمان لـە بواری بـیرو بـاوەڕدا لـە بـواری هـەڵس و كەوت لەگەڵ یەكتری و لە بـواری ئاشـتی و شەڕدا لەسەر زمـانی پێغەمبەرەكـەمان ﷺ تەواوی شتێكی بۆ ڕوون كردوینەوە

جولەكە بەدڕەوشـتەكان وەكـو سـیفەتی هەمیشـــەیی خۆیـــان لەســـەردەمی پێغەمبـــەردا ﷺ حەســـودیان بـــە موسوڵمانەكان دەبـردو دەیـان وت: ئـەو پێغەمبـەرە چ پێغەمبەرێكـە گرنگـی بـە هـەموو بوارێـك دەدات و هـەموو شـتێك فێـری شـوێن كـەوتوانی دەكـات، هـەتا چـــونە ســـەرئاویش ، بـــەڵێ چـــونە سەرئاویش شێوازو تایبەت مەنـدی چۆی هەیـــە چ جـــای لایەنـــەكانی تـــر كـــە پەیوەستن بەكۆمەڵەوە لەوانەش جەژن .

## ﴿ مانای جەژن ﴾

جـەژن (عیـد): بۆیـە پـێی دەوتـرێ (عیـد) لەبـەر ئـەوەی هـەموو سـاڵێك بـە خۆشیو شـادی تـازەوە دەگەڕێتـەوە ، یـــاخود لەبـــەر ئـــەوەی چـــاكەو بەخششـــەكانی خـــودای گـــەورەی تێـــدا

دەگەڕێتەوە بەرامبەر بەندەكانی لەو چاكانەش ڕێدانە بە خواردن و خواردنەوە دوای قەدەغە كردنی وەخێری سەرفترە هەروەها تەواو كردنی حەج بە تەواف و سەردانەوە، وەگۆشتی قوربانی و غەیری ئەوانە، خوای پەروەردگار لە حاجی و ڕۆژوەوانان خۆش دەبێ و بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی بەسەر بەندەكانی دا دەڕژێنێ ، نەریتیش وایە لە جەژنانندا خۆشی و شادی و ئاسودەیی دەر ببڕدرێت ، لەهەندێ ناوچەی كوردەواریدا بە (جێژن)ناو دەبرێ ، كوردان بەڕۆژی بەتاڵەو خۆشیان گوتووە جەژن.

## ﴿جەژنی ساڵانە تەنها دوون و بەس﴾

ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك چووە مەدینە خەڵكی ئەوێ دوو ڕۆژیان هەبوو (النیروز و المهرجان) یاریان تێدا دەكردوو كەیف سازی خۆیان نیشان دەدا لە جاهیلەتیدا ، پێغەمبەر ﷺ فەرموی هاتم ئێوە دوو ڕۆژتان هەبوو یاریتان تێدا دەكرد لە جاهیلەتەتدا خوای گەورە بۆی گۆڕیون بە چاكتر لەوانە (یوم النحر والفطر) ڕۆژی قوربان و ڕۆژی ڕەمەزان .

سەرنج: وەكو دیارە تەنها ئەو دوو جەژنەن كەساڵانە خوای گەورە بۆ ئەو ئوممەتەی قەرار داوە بەڵام لەو ڕۆژگارەدا جێی داخە زۆر شتی تر جەژنی بۆ درووست كراوە كە خوای گەورە ڕێی پێ نەداوە و بەلادانی لە قەڵەم داوە لەوانە سەری ساڵی زایینی .

## ﴿خۆ شوشتن بۆ جەژن﴾

پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بۆ جەژنەكان خۆی دەشوت و لەو بارەیەوە چەند فەرموودەیەك هاتوون ئەگەرچی هەندێكیان ناكرێن بە بەڵگە ، بەڵام لە عەبدالله ی كوڕی عومەرەوە ﷺ دەگێڕنەوە بەر لە دەرچوونی بۆ نوێژی جەژن خۆی شۆردووە ئەو هاوەڵە بەڕێزەش یەكێك بووە لەوانەی كە زۆر پابەند بووە بە سوننەتەكانی پێغەمبەرەوە ﷺ .

## ﴿ خۆ ڕازاندنەوە بۆ جەژن ﴾

بەیهەقی بە سەنەدێكی سەحیحەوە لە ابن عومەرەوە ڕیوایەتی كردووە كە پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژانی جەژندا چاكترین و جوانترین پۆشاكی لەبەر دەكرد وە ئیمامی مالك فەرموویەتی : گوێ بیستی ئەهلی عیلم بووم كە بۆنی خۆش و خۆڕازاندنەوەیان لەهەموو جەژنێكدا بەلاوە پەسند بووە ٠

## ﴿چ كاتێك خواردن دەخورێ لەجەژندا﴾

لە جەژنی ڕەمەزاندا پێغەمبەر ﷺ بەر لە دەرچوونی چەند دەنكە خورمایەكی دەخوارد بەڵام لە جەژنی

قوربان‌دا هیچی نەدەخوارد تا لە(مصلی) نەگەڕابایەوە پاش گەڕانەوەی لە قوربانیەکەی دەخوارد ٠

**﴿سوننەتە نوێژ لە(مصلی)دا بکرێت﴾**

پێغەمبەر ﷺ نوێژەکانی جەژنی لە مزگەوتدا ئەنجام نەدەدا لە جەژندا فەرمانی بە خەڵکی دەکرد و دەیبردنە دەرەوەی ماڵەکانی شاری مەدینە بەرەو ڕۆژهەلاتی شاری مەدینە بە کۆمەڵ نوێژی پێ دەکردن لە شوێنێکی تایبەتی کە بە ( مصلی ) ناودەبرا تایبەت کرا بوو بە نوێژی جەژنەکان ، دەگێڕنەوە کە تەنها جارێك نوێژی جەژنی لە مزگەوتدا کردووە٠ ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کە باران بووە و بواری نەبووە لە دەرەوە جێ بەجێی بکەن ٠ شایانی باسە : کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دەکرد بە ئافرەتانیش کە لە (حیض) دان بێنە دەرەوە و گوێ لە وتارەکەی بگرن ، نەك هەر ئافرەتان بەڵکو منالانیشی دەبردە دەرەوە ٠ پێغەمبەر ﷺ بەپێ دەڕۆیشت بەرەو ( مصلی ) وە لە بەردەمی خۆی گۆچانێکی دەچەقاند و دەیکرد بە بەربەست بۆ نوێژەکەی ، وە لەو سەردەمەدا ( مصلی ) دەشت بوو هیچ دیوار و خانوویەکی لێ نەبوو هەندێ جاریش حەڕبەکەی دەکرد بە بەربەست ٠ (سترە) ٠

**﴿الله أکبر کردن لە جەژنەکاندا﴾**

لە پێغەمبەرەوە ﷺ چەسپاوە کە لە جەژنی ڕەمەزاندا لەگەڵ دەرچوونی لە ماڵەوە بەرەو(مصلی) الله أکبری کردووە تاوەکو نوێژەکەی کردووە دوای نوێژەکە وازی لە الله أکبر کردن هێناوە. بەلام لە جەژنی قورباندا لەبەرەبەیانی ڕۆژی عەرەفەوە تا کۆتایی ڕۆژەکانی تشریق (چوارەم ڕۆژی جەژنی قوربان) الله أکبری دەکرد ، جمهوری سەلەف لەسەر ئەو ڕایەن لە هەموو کاتێکدا نەك تەنها لەدوای نوێژەکان ، وەنابێ بە کۆمەڵ الله أکبر بکرێ. وە ئافرەتان لە پاش ئەبانی کوڕی عوسمان و عومەری کوڕی عەبدول عەزیز لە شەوانی جەژنی قوربان لە مەزگەوتدا لەگەڵ پیاوان الله أکبریان کردووە وە چاك وایە بە دەنگەوە الله أکبر بکرێ ئەگەر چی بەداخەوە موسوڵمانان پشت گوێیان خستووە ، شایەنی باسە الله أکبر کردن لە دوای خوێندنی ئایەتێك لەسەر بڵندگۆکانەوە بە کۆمەڵ پێچەوانەی سوننەتە ٠

**﴿نوێژی جەژنەکان بێ بانگ و قامەتە﴾**

پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی کە دەگەیشتنە شوێنی نوێژ کردن بێ ئەوەی بانگ بدرێ و قامەت بکرێ بەکۆمەڵ نوێژیان دەکرد و نەشیان دەوت : (الصلاة جامعة).

## ﴿ كاتى نويَژى جەژن ﴾

زانایان فەرموویانە سەرەتای کاتی نوێژی جەژنەکان دوای دەرکەوتنی خۆر و بەرز بوونەوەیەتی بە ئەندازەی ڕمێك وە ئەو کاتە درێژەی هەیە تاوەکو خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان نزیك دەبێتەوە و لادەدات ، شێخ ئەبوبەکری جەزائیری فەرموویەتی : چاك وایە کە نوێژی جەژنی قوربان لە سەرەتای کاتەکەی دا ئەنجام بدرێ تا خەڵکی بتوانن قوربانیەکانیان سەر ببڕن وە چاك وایە نوێژی جەژنی ڕەمەزان لە سەرەتای کاتەکەیدا ئەنجام نەدرێ و دوابخرێ بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن زەکاتی سەرفترە بەجێی خۆی بگەیەنن ، پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی جەژنی ڕەمەزانی دوا دەخست و نوێژی قوربانی لە یەکەمی کاتەکەیدا ئەنجام دەدا ٠

### ﴿ نوێژی جەژن هیچ نوێژێکی لە پێش ناکرێ بە پێچەوانەشەوە ﴾

ئیبن عەباس ﵄ فەرموویەتی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دوو ڕکات نوێژی جەژنی ڕەمەزانی کردووە هیچ نوێژێکی نەکرد بەر لە کردنی ئەو نوێژە٠ وە لە دوای نوێژی جەژنیش بەهەمان شێوە هیچ نوێژێکی تری نەکرد (بوخاری ڕوایەتی کردووە)٠

## ﴿ حوکمی نوێژی جەژن ﴾

ئیمامی شەوکانی فەرموویەتی : نوێژی جەژن ( واجبە ) پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك بە پێویستیەکی عەینی و داکۆکی لەسەر کراو بە کردنی هەندێك لە خەڵکی لەسەر ئەوانی تر لاناچێ ، بەڵگەش بۆ ئەوانە :

١ـ گەر لەگەڵ جومعەدا لە ڕۆژێکدا بوون ئەوا پێویستیەتی جومعە ناهێڵێت و دەتوانرێ تەنها نوێژی جەژن بکرێ وەکو لە فەرموودەیەکی ئەبو هورەیرەدا ﵁ هاتووە ٠

٢ـ پێغەمبەری خوا ﷺ تا مردنی بەردەوام بووە لەسەر ئەو نوێژە بەکۆمەڵ لەو ڕۆژەوەی کراوەتە دیاری بۆ ئەو ئوممەتە ٠

٣ـ لەگەڵ ئەوەدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیشی بە خەڵکی کردووە کە بێنەدەر لەماڵەکانیان بۆ ئەو نوێژە وەکو پێشتر باسمان کرد ، ئەوانە بەڵگەن لەسەر پێویستیەتی ئەو نوێژە ، ئەوەش بۆچوونی شێخ الإسلام ئیبن تەیمیە و ئەبی حەنیفەو ڕایەکی ئیمامی شافیعی و ڕایەکی ئیمامی ئەحمەدیشە ٠

جێگەی داخە لەناو ئیمەدا واباوە کە لە بری کردنی نوێژی جەژن نوێژی چوو بە خەڵکی دەگێڕنەوە وێڕای لە

دەستدانی ئەو نوێژە ئەوەشی لە كیس دەدەن، دەبا هەموو بزانین كە ئەو كارە پێچەوانەی سوننەتە ٠

## چۆنیەتی نوێژی جەژن

نوێـژی جـەژن دوو ڕكاتـە و لـە یەكــەمیان دا پێغەمبــەری خــوا ﷺ حەوت جار الله أكبرى دەكرد جگە لـە الله أكبرى نوێـژ دابەسـتن وە لـە دووەمیانـدا پێنج جار الله أكبرى دەكـرد جگـە لـە الله أكبرى چوونە ڕكـوع و بـەر لـە خوێنـدنی فاتیحا لە نێوان الله أكبرەكاندا كەمێك بێ دەنگ بووە وە هیچ ویردێكی دیاری كراو نـەهاتووە لـە نێزانیانـدا ، بـەڵام لـە عبداللـەی كوڕی مەسـعودەوە بیسـتراوە كـە لـەنێوان الله أكبرەكانـدا سوپاسـی خوای گـەورەی كـردووە و سـەڵاواتی لـە پێغەمبـەر داوە لەگـەڵ خوێنـدنی الله أكبرەكاندا دەسـتی بـەرز نەكردۆتـەوە ، وە لەهاوەڵە بەڕێزەكانیشەوە نـەبینراوە كە دەستیان بەرز كردبێتەوە ، كاتێك لە الله أكبرەكـان تـەواو دەبـوو فاتیحـای دەخوێنـد و پـاش فاتیحـا لـە ڕكـاتی یەكەمدا سورەتی (ق)ی خوێندووە وە لە ڕكـاتی دووەمیشـدا سـورەتی (القمـر)ی خوێندووە ، هەنـدێك جـاریش لـە ڕكاتی یەكەمــدا ســورەتی ( الأعلـــی )ی خوێنـدووە، وە لـە ڕكـاتی دووەمیشـدا سـورەتی (الغاشـیة )ی خوێنـدووە وە كاتێك لە خوێندنەوە دەبووەوە دەچووە ڕكـوع و پاشـان هەڵدەسـتایەوە و كڕنوشـی دەبـرد لەهـەر ڕكاتێكـدا دوو جار كڕنۆشی دەبرد لـە ڕكـاتی دووەمـدا دوای كڕنوشەكان ( تەحیاتی ) دەخوێنـد و پاشان سەلامی دەدایەوە ٠

**سرنج :** هەر كەسێك نوێژی جەژنی بە كۆمەڵ نەكرد و لە كیسی چوو ئـەوا بۆ خۆی دوو ڕكات نوێژەكە دەكات بە تەنها ، ئـەوە بۆچـوونی ئیمـامی شـافیعی و بوخاریە ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ٠

## وتاری جەژن و ئامۆژگاریەكانی پێغەمبەر

پێغەمبـەری خـوا ﷺ كاتێـك نوێـژی تـەواو دەكـرد ڕووی دەكـردە خـەڵك و ڕادەوەسـتـا و ئـەوانیش بـەڕێزەوە لەبەردەمی دادەنیشتن پاشان وتارەكەی بە ( خطبة الحاجة ) دەست پـێ دەكردو داكۆكی نەدەكرد لەسەر دانیشـتنیان بـۆ گوێ گرتن لـە ووتارەكـەی دەیفـەرموو : هەركەسێك ئارەزوویەتی دانیشـێت گـوێ بگـرێ بـا گـوێ بگـرێ هـەر كەسـێكیش دەیەوێت بڕواتەوە ئەوا ئێمـە بـەرگری لێ ناكەین ٠ دوای ئەوە دەسـتی دەكـرد بـە ئامۆژگـاری كردنیـان لـەو شـوێنەی كـە وتارەكــەی ئاراســتە دەكــردن هــیچ

مینبەرێكی لێ نەبوو ، میمبەری مزگەوتی مەدینەشیان نەدەبرد بۆ ئەو شوێنە هەروەها فەرمانی پێ دەكردن كە ماڵ ببەخشن ، لەو ڕۆژەدا ئافرەتان زیاتر خێریان دەكرد ، هەیانبوو ئەنگوستیلەی خۆی دەبەخشی ٠

**﴿سوننەتە وتاری جەژن دوای نوێژ بێت﴾**

ئەبو داود بە سەحیحی ڕوایەتی كردووە كە پێغەمبەری خوا ﷺ دوای نوێژ وتاری خوێندۆتەوە ، وە هیچ فەرموودەیەك بە سەحیحی نەهاتووە كە بڵێ وتاری جەژنەكان دوو وتارن و دانیشتن هەیە لەنێوانیاندا وە بە الله أكبر دەستی پێ نەكردووە وەكو لە هەندێك ناوچەدا كردوویانەتە باو ، دواخستنی نوێژ بۆ دوای وتار بیدعەیە و پێچەوانەی سوننەتە ٠

**ڕێ گۆڕین و چۆنیەتی چوون بۆ (مصلی).**

لە ڕۆژی جەژندا پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێ گۆڕی دەكرد ، واتە لە ڕێیەكەوە بۆ (مصلی) دەچوو وە لە ڕێگایەكی ترەوە دەگەڕایەوە ٠

بۆخاری لەو بارەیەوە لە جابرەوە فەرموودەیەكی بۆ ریوایەت كردووین وە ترمزی بە سەنەدێكی حەسەنەوە لە ئیمامی عەلی ریوایەتی كردووە كە سوننەت وایە بە پێ بەرەو (مصلی) بچن

وە ئیمامی بەغەوی فەرموویەتی : چاك وایە دوای كردنی نوێژی بەیانی خەڵكی بچن بۆ (مصلی) ، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی دەكرد كە بەچەكەوە بچن بۆ ئەو شوێنە وەك لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە ٠

**﴿ شێوازی جەژنە پیرۆزە ﴾**

جوبەیری كوڕی نوفەیر فەرموویەتی : هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك كە لە ڕۆژی جەژنا بە یەكتری دەگەیشتن دەیان ووت : ( تقبل الله منا ومنك ) ٠

سوننەتە لە كاتی بەیەك گەیشتن ئەوە بووترێت ، بەڵام بەداخەوە ئەم سوننەتەش وەك زۆرێك لە سوننەتەكانی تر زیندە بەچاڵ كراوە و ووتەی داهێنراوی جۆراو جۆری لە شوێن دانراوە، كە جێی ئەو ناگرنەوە و ئەو ئەجر و پاداشتە وەدەست ناهێنن ٠

**﴿ڕێ دراوە بە بیستنی دەنگی دەف كە كچۆڵە لێی بدەن ﴾**

بوخاری و موسلیم لە عائیشەوە فەرموودەیەكیان ڕیوایەت كردووە كە لە ڕۆژانی جەژندا لە ماڵی پێغەمبەر ﷺ كچۆڵە دەفیان لێ داوە و پێغەمبەری خوا بەرهەڵستی نەكردوون ، وە بە ئەبوبەكریشی فەرمووە : وازیان لێ بهێنە

چونکە هەموو گەلێك جەژنی خۆیان هەیە و جەژنی ئێمەی موسوڵمانیش ئەمەیە ٠

**سەرنج :** لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ تەنها بۆ جەژن و ژن و ژن خوازی دەف ڕێ پێ دراو بووە و تەنها کچۆڵە و ئافرەتانیش لێیان داوە ، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەندێك پیاو جێی ئەوانیان گرتۆتەوە و لە شوێنی تریشدا بەکاری دەهێنن ، وە لەوەش سەیرتر هەندێك کەس لە دەشەوەکانی کۆتایی ڕەمەزاندا لە جیاتی زیکر و دوعا و نوێژ لە مزگەوتەکاندا موسوڵمانانی پێ سەرقاڵ دەکەن و لە عیبادەتی خوا لەو دە شەوەدا مەحرومیان دەکەن ٠

ڕۆژو گرتن لە ڕۆژانی جەژندا حەرامە

پێغەمبەری خوا نەهی کردووە لەوەی کە موسوڵمانان لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان وڕۆژانی جەژنی قوربان بەڕۆژوو بن، وە دەیفەرموو ئەو ڕۆژانە ڕۆژی خواردن و خواردنەوەن ٠

هەندێك لەو کارە بەدانەی کە لە جەژندا دەکرێن

ڕۆژانی جەژن ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەو یادکردنی خوان، نەك سەرپێچی وتاوان و یاخی بوون لەخوا بەم شێوانەی خوارەوە:

١. ریش تاشین " چونکە حەرامەو قەدەغەیە بە بەڵگەی چەندان فەرموودەی ڕاست، وە بەگوێرەی مەزهەبی خودی ئیمامی شافیعی و زۆر لە ئیمامەکانی تریش.

٢. تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نا مەحرەم وبێگانە، چونکە حەرامەو هەڕەشەی توندیش هاتووە لەم بارەیەوە.

٣. لاسایی کردنەوەی بێ باوەڕان لە جل وبەرگ و تێکەڵاو بون و...هتد " چونکە مرۆڤ خۆی لە هەر قەومێك بچوێنێ ئەوە لەوانە، وە لەحەدیسی صەحیحدا هاتووە(من تشبّه بقوم فهو منهم).

٤. زیادە مەسرەفی و زیادە ڕەوی کردن لەو شتانە کە هیچ بەرژەوەندییەکیان تێدا نییە.

٥. چونە سەر قەبران لە یەکەمین ڕۆژی جەژندا، وە چواندنی نوێژی جەژن لەبەر ئەمە، وێرای ئەو هەموو بەرەلایی و تێکەڵ بونەی لەنێوان پیاوان وئافرەتاندا ڕوو دەدات لە گۆڕستانەکان.

٦. تایبەت کردنی شەوی جەژن بە هەندێ پەرستنی بێ بنەماو داهێنراو.

٧. فەرمان کردن بە واز هێنان لە نوێژی جەژن و گێڕانەوەی نوێژە چووەکان لەبری ئەو!.

٨. تایبەت کردنی زەکاتی سەرفیترە بە کەسانێکی دیاری کراو ئەگەر هەمووشیان شیاوو شایستەش نەبن!.